# دیمەنی بۆکان لە بیرەوەریەکانی حاجی عەولای قازی دا

تاهیر عەلیار

( پێشکەش بە کاک ئەنوەرسولتانی)

(ولاتی من) کتێبێکی 190 لاپەریە کە چەند سال لە مەوبەرلە ولاتی سوئێد بلاو بۆتەوە.نووسەری ئەو کتێبە حاجی عەولای قازیە لە بنەمالەی قازیەکانی مهاباد وخەلکی گوندی کۆنەدێ لە نزیک مهاباد بوە.لە زەمانی کۆماری کوردستاندا ناردراوەتە فێرگەی ئەفسەریی ئازەربایجان لە تەورێز ودوای نەمانی کۆمار لە ئەرتەشی ئێراندابە سەرباز گیراوە.لە مهاباد وبۆکان و سویسنایەتی سەردەشت خزمەتی سەربازی کردوە ولە سالەکانی پێش رووخانی حکوومەتی پەهلەویدا لە گوندەکەی خۆیان موعەلیم بوە. بوئەو کەسانەی بیانەوێ لە سەرکۆمەلناسی کوردەواری لێکۆلینەوە بکەن سەرچاوەیەکی بێ وێنە وگەنجی قاروونە. ئەونووسراوەی ژێرەوە بەشێکی کورت لەو کتێبەیە وباسی مەئمووریەتێکە کە لەبۆکان وناوچەی بۆکان وەکووسەرباز بەرێوەی بردوە.

رۆژێکی لە سەربازخانەی 8 نەفەریان جوێ کردینەوە وکردیانینە مەئمووری نیزام وەزیفە وبەرێیان کردین بۆشاری بۆکان. ئەورۆژەی کە وەرێ کەوتین هەرکە گەیشتینە میاندواوێ بەفردەستی پێکرد. شەولە قاوەخانەی عەزیزکە کابرایەکی کوردبوومابنەوە.سبەینێ کە هەستاین تاسەرئەژنۆیە بەفرباریبوو. ئەوکات دەولەتی ئێرانێ بە بێلی رێگای دەمالی.گوتیان رێ مالدراوەولەگەل چەند کەسی دیکە لە خەلکی بۆکان ماشێنێکی ئوستورلێکمان بە کرێ گرت و وەرێ کەوتین. هەتاتەوێلە ومیانە کە هەرکیلۆمیترێک لەشاردووربوو، رێگا مالدرابوو. لەوێرا ماشێنەکە دەبوو رێگاببرێ وهەتا زۆرتربەرەوسەردەرۆیشتین،بەفرزیاتردەبوو.بۆبانگی خەوتنان گەیشتینە هەورازی حاجیابادێ . ماشێنەکە کەمێک بەهەورازەکەی هەلگەرا بەلام نەیتوانی وەسەرکەوێ پاشەوپاش گەراوە لە بەفری چەقی.مژووسەرمایەکی زۆرسەخت بوو پیاو رەق دەبوو.پێنج چەلەنگ گازۆلی کابرایەکی حاجی لە پشتی ماشێنێ دابوو، بە بەفرەکەماندا کرد تاخۆمان گەرم کەینەوە. دوایە ئەوەش تەواوبووماشێنەکەشمان بۆلە بەفری نەهاتە دەرێ.

لەوسەفەرەیدا ژنێکی گەراوەی بەگزادەمان دەگەل بووکە بە بەربووکی هاتبوە میاندواوێ ودەستە نوینێکی زەلامی پێ بوو. ئەوەش تووشی ئەو مەخمەسەیە ببوو دەبوو بەهەرشێوەیەکی بێ دەربازی کەین. بەرەوئاوایی حاجیابادێ وەرێ کەوتین. شۆفیرەکان کە دووئەرمەنی بوون، ماشێنەکەیان بەجێ نەهێشت ولەوێ مانەوە.بە کابراکانم کوت دەبێ یارمەتی بکەن و ئەوژنەی لەکۆل کەن. ئەلحەق بەقسەیان کردم بەتایبەتی دوونەفەری کەلەگەت وبەخۆوە وبەنۆرە هەلیان دەگرت. گەیشتینە نیودێ وخۆمان بە مزگەوتێ داکرد. مزگەوتێکی تاریک50 ،60 کەسی تێدابوو. لە بەردووکەلی سیغار کەس کەسی نەدەدیت. دەتگوت جەهەندەمە. دەوری کوورەکەیان بۆئێمە چۆلکرد. ئاورەکەیان بۆخۆش کردین و نێلیان دا.

کاک سمایلی قازی(1) کەخزم و دۆست بوو وکوێخای ئاوەدانی بوولەوێ بوو. پیاوێکی زۆرباش وبەحورمەت بوو. زۆری بەخێرهاتن کردین. دوای ئەوەی زەریف گەرم بووینەوە دابەش کراین. ئەمن وئەوژنە لەگەل کاک سمایلی چووینەوە مالێ. ئەگەرچووین قازی محەمەدی حاجیابادێ (خالەقازی)(2) بە تاقی تەنێ لە تەنیشت کوورەی نەفتی کە ئەوکات تاق ولۆق پەیدابووداتیشتبووکتێبی دەخویندەوە.ئینسانێکی زۆرباش ولێهاتووبوو. زۆری بەخێرهاتن کردین. دوایەش پیاوی نارد پێخەف و پێخۆری بۆئەرمنیەکان نارد.

ئەو شەوە لەوێ ماینەوە. بەیانی وەرێکەوتین وچووینەوە لای ماشێنەکە. زۆرمان هەولدا هەل نەبوو. بەناچاربەپێیان وەرێ کەوتین. ژنەکەش مەجبووربووبەجێ بمێنێ وتا 15 رۆژان تاکرانەوەی رێگا لەوێ مابۆوە. ئێمە دێ بەدێ

بەرەوبۆکان وەڕێ کەوتین. بۆکانیەکان ڕێگایە بەلەد بوون و وەپێش کەوتن ورێگایان دەشکاند و ئێمەش بەدوایاندا. درەنگ وەخت لە پەنا قەرەمووساليان لە قاوەخانەيەکی لامان دا. فەرماندەی دەستەکەمان قەرەپاغێک بوولە نێو کوردان گەورە ببوولەگەڵ جۆرابيازان لەسەرپووڵی ملی لە جۆرابێنێ نا تادرەنگ وەخت جۆرابێنيان کرد و 12 تمەنی دۆراند. ئێمەش گوتمان بەيانی وەرنەوە پووڵەکەتان دەدەينێ.بەيانی نان وچامان خوارد و هەرچۆنيک بێ پووڵی قاوەچيەکەمان دا و وەڕێ کەوتين . تەماشام کرد ئەوانەی شەوێ جۆرابێنيان بردبۆوە پەيدابوون و داوای پووڵەکەيان دەکرد. ئەمنيش پيم گوتن وەللاهی ئەوە قڕانێکی نيە ئێمە پووڵی بۆدەدەين، ئێمەش سەربازين مانگێ 9 قران وەردەگرين. هەرچی هەمان بوە خەرجمان کردوە . ئێوارێ درەنگ گەيشتينە ئاوايی حەماميان ، لەوێ لە خەڵکی سۆراغی ماڵە مەحموداغای دێبۆکريمان کرد(3). ڕێنمونيان کردين. لە نزيک ماڵە مەحموداغای تووشی پياوێکی ڕدێن سپی جوانی پاک و خاوين بووين. خەنجەرێکی دەسک سپی لە بەردابوو. زوو زانيم ئەوە دەبێ مەحموداغابێ، نێوبانگيم بيست بوو. سلاومان کرد . يەکێک پرسی و گوتی ئەرێ مام سۆفی ئێرە ماڵی مەحموداغايە ، ئەويش گوتی ئا بابە گيان برۆنە ژوورێ. چووينە ژوورێ 8،9 دانە نۆکەری زەلام هەمووخەنجەرلە بەر پشتێنێ دا وئەغڵەب دەمانچەشيان پێ بوو، لەوێ بوون. دياربوو مەحموداغا ئەوکات زۆربە دەسەڵات بوو.ئێمەيان برد لە ديوێکی زۆرگەرم کە ديوەخانی مەحموداغای بەسەری دا ،دەيروانی، دانا. دوايە مەحموداغاش لەگەڵ مەلاساڵە ، مەلای مزگەوتێ هاتەوە . وەک باس دەکرا مەحموداغا بێ ئەو مەلايەی نەدەحاوەوە. ئەو شەوە زۆريان حورمەت گرتين جێگا ورێگامان زۆر گەرم و گوڕ بوو.

بۆسبەينێ هاتينە بۆکان. دووکان و بازار داخرابوو. لە هەمووولايەکی را ڕێگا بەسترابوو. دەوڵەتی شای نەيتوانيبوو ڕێگای بکاتەوە. چووينە ميهمانخانەی حوسێنی خاتەمی(4)کە دەگەڵ من ئاشنا ولە رادە بە دەر خۆشی دەويستم. ئەو ئەندامی حيزبی توودە بووکارتی ئەندامەتيەکەيم ديبوو. ئەوکات مانگانە پێنج قرانی ئەندامەتی دەدا. لەگەڵ کەريمی حيسامی زۆر مەربووت بوو.موسافيرخانەکە زۆر سارد وسڕبوو. بۆيە لە نێوشار لە پشتی حەوزخانەی لەلای قەڵايە تەپۆلکێکی لێ بوو کە تازەخەڵکی دێهاتی خانوويان لێ دروست دەکرد . لەوێ خانوويەکمان بە کرێ گرت . مدبەقی تێدابوو، کردمانە مەنزڵی خۆمان وشەوانە کە لە مەئموورييەتی را دەهاتينەوە ، لەوێ دەماينەوە. گۆزەيەکی ئاوێ و چەند پەتوو، چرايەکی نمرە 10 وبريک نەفت وکوورەيەکی دارمان کڕی وماڵەکەمان ئاوەدان کردەوە.ئەوجار دەبوايە بچينە مەئمووريەتی دێهاتی.

وەزعی خەلکی ئەوکات بێ حەد پەرێشان بوو. خەلک هيچيان نەبوو. حاسلات زۆرکەم بوو. ئەغڵەب باری گەنم وهەرزنيان بە قەرزی سەرخەرمانێ لە ئاغايان قەرزدەکرد يان بە نرخێکی گران دەيان کڕی.لەگەڵ ئەوقاتی وقڕييەش سەرما حەشری دەکرد.

کاری ئێمە ئەوە بوو بزانين کێ سەربازە وئێمە بريتی بووين لە ئەمن و دووکوڕی ديکە کە هەردووکيان نێويان عەولا بوو. دەبووينە سێ عەولا.يەکيان بە عەولاعەجەم مەشهووربوو کە دوايە بووبە پاسەبان ئەوی ديکەش ئەلحان ماوە ولە مهابادێ يە لە گەل دووسەربازی تورکی جوولەکەی مياندواوێ .جاوەرە تورک بی وجوولەکە بی.

ئەوانە هەموويان تەشقەڵەيان بە خەڵکی دەکرد ئەمنيش ئەوەم زۆرپێ ناخۆش بوو بۆم تەحەمول نەدەکرا.بۆنموونە کوێخا ڕاپۆرتی دەدا کە لەودێيەی خوارێ کوڕی حەمەحەسەنی سەربازە، ئەوانە يەک سەردەچوونە ماڵە حەمەحەسەنی ولەوێ دايانەکوتا ودەيان گوت :وەلا مام حەسەن نان وچای سازکە وکوڕەکەشت حازرکە دەيبە ين. ئيدی هەربە فەوری دەبووبە شين و ڕۆڕو و قوڕپێوانی دايکان . لەحالێکدا مەئمووريەتمان ئەوە نەبوو. ئێمە تەنيا دەبوايە کاغەزبۆکوێخاسجيلان بەرين وئەوان دواتروەزعی سەربازان روون بکەنەوە . دوای ئەوە ئەوجار واسيتە و واسيتەکاری پەيدا دەبوو وهەرچۆنێکی بوو بە پووڵێکی زۆر رازيان دەکردن.ڕۆژێکی لەناوچەی فەيزولابەگيی چووينە ئاوايی سنجووی سەرێ، دەعوەتێکی گەورە بوو وخەڵکێکی زۆری لێ بوو. کاک سەعيدکوڕی حيسامی داشکستان(5) لەوێ بوو ويەکترمان دەناسی. لەو مەجليسەدا ئەوانە هەربەتەوسەوە باسی کارەکانی کۆماريان دەکرد ولاسای پێشەوا وحەمەحوسێن خانيان دەکردەوە ئێمەش زۆر شەکەت وماندووبووين داوام کرد بمانبەنە جێگايەک کە بتوانين لاق درێژ کەين وبحەسێينەوە.

سبەینی دەبوو بچینە سنجووی خوارێ سۆفی مرادێکی لێ بووکۆڕەکەی مەشموول بوو.لەسەرپێنج تمەن کە نەیبووبیانداتێ ، دەیانویست لەوێرا ئەو پیرە پیاوە بەدبەختەی بەرنە سنجووی سەرێ.ئەگەرتەماشام کرد ئەوبێچارەیە کەوشی دەپێدا نەبوو وپێخواس بوو، زۆرم بەزەیی پێداهات وتووڕە بووم، پێنج تمەنم دەرهێنا وبۆم فرێدان وگوتم سوفی مراد بگەڕێوە.مەسئوولەکەمان گوتی : ئەتۆ چکارەی وادەکەی؟

گوتم بیگرە هەلیگرەوە .ئاخر ئەتۆئەوەندەی نایەنی لەودێیەی خوارێ سواڵت بۆبکا. ئاخرخودا دەزانێ لەوێ پوولی بەقەرز دەدەنێ یان نا. هەڵیگرەوە و واش لەو عالەمەش مەکە. لەوەش سەیرتر ئەوکابرایە ئەوەندەش دووڕوو بووسەرەڕای ئەورەفتارانەی، لەنێو خەلکی دێهاتیش دا شیعری دمەتەقەی هەژاری دەخوێندەوە ودەیگوت بۆئەمن سەگم تەنەکم لە ملی خەن و...چی وچی.ئەوجار گوتم ئەتۆجارجارچ بە خەلک دەڵێی و چیان بۆدەخوێنیەوە ولێرەش ئەوەکردارتە وئاوا دەیان رووتێنیەوە. ئەویش گوتی کاک عەولا ئەو قسانە مەکە.بەوشێوەیە 17 ،18 دێیان چووین.بە هاوکاری کوێخایان پوولێکی زۆریان خڕکردەوە.مالی وابوو5 تمەن،10 تمەن، تا 20 تمەنیان لێ دەستاندن.ئەوجار ئەمن لەگەڵیان نەچوومەوە . گوتیان ئەگەرنەچی دەبێ رۆژێ گۆزەیەک ئاو بۆ سەروانی بەری . گوتم دەچم گۆزەی بە خەیابانێدا بەکۆڵم دادەدەم ئاوی بۆ ئەو سەگبابەی دەبەم بەڵام ناچمە دێهاتی هەم نانی مفتە بخۆم وهەم خەڵکی تاڵان کەم لە برسانیش بمرم ئەوەی ناکەم . پێم عەیب نیە بچم ئاوی بۆبێنم. لەحەوزیشی بۆ پڕ ناکەم هەر لە قاناوی جۆگەی نێوشاری تێی هەلدەکێشم وپڕی دەکەم و بۆی دەبەم.

سەروان هاچەری ماڵێی دامێ ورۆژێ دوو گۆزەم ئاو بۆدەبرد بەو شێوەیە کاری من دیاری کرا . ئەو ئەفسەرە ئینسانێکی گڵاو بووهەرچەند نوێژی نەدەچوو بەڵام پوولی لە خەلکی دەستاند. جارێک وەک هەڕەمی میسرێ خورماوشیرنیی لە سەردەوری چنی بوو بە جۆرێک لە هەر لایەکی را دەنکێکت دەرهێنابا هەرەمەکە تێک دەچوو ودەیزانی ، ئەمنیش دوودەنکم لە خورماکەی دەرێنا. لەوکاتە دا خەبەرهات کە لە قەبرستانی شار جوولەکەیەکیان هێناوەتە دەرێ و عالەم ئەوە لەوێ کۆببوونەوە.ئەمنیش بۆدیتنی جەنازەکە چوومە قەبرستانی شار. ئەو رووداوە ئەو سەرووبەندی بوو کە جوولەکە دەگەڕانەوە بۆ فەلەستینێ. ئەو جوولەکەیە چند رۆژ پێش تر فەعلەی ماڵە حاجیەکی دەوڵەمەند بوە بە نێوی حاجی حەمەدەمین.گوایە کارێکی خراپی کردوە حاجی پاڵێکی پێوە ناوە. ئەو جوولەکەیە بە بێ ئەوەی دەست یان لاق یان شوێنێکی بشکێ دوای جەندرۆژان مردبوو. دەنگۆ سازبووکە حاجی کوشتوویەتی. ئەو رۆژەی کە دەریان هێنابۆوە زیاتر لە 15 رۆژبوو نێژرابوو. رەئیسی ئەمنیە و سەروا نی ئێمە و دوکتورێک لەوێ بوون.

جوولەکەیان هێنابوە دەرێ و لەوێ تخێڵ کرابوو.لە زگی ڕا بۆ سەرێ رووت بوو. بەدەنی وەک بەدەنی ژنان جوان و سپی بوو. نە بۆنێک نە هیچ شتێکی لێ نەدەهات . پیاوێکی قسەخۆشی لێ بوو ماسی کەپۆی گرتبوو دەیگوت ئای لەو کافرەی چەندە بۆنی لێدێ. ئەمنیش بە پێکەنینەوە گوتم : بە عێزەتی خودای ئەوە ئەتۆ بای ئەلحان بە قەرا رەشکە کایە کی هەڵمسابووی و بۆ گەنیوت دەچوە عەرشی عاسمانێ ئیدی بۆ کەپۆت گرتوە و پووف دەکەی ئاخر خودا هەڵناگرێ با جووش بێ وەلاهی دەڵێی تازە نوستوە.لەوێرا بڵاوە کراوئەمنیش چوومەوە مەنزڵە کەی خۆم.هاتن بەدوام دا و گوتیان سەروان بانگت دەکا ئەمنیش بە غارچووم دەرکەم بۆ کردەوە.زانی کە دوودەنکە خورماکەم خواردوە . وەلا ئیدی هاچەرەکەی لێ ئەستاندمەوە . سەرجەم دوو رۆژم ئاو هێنا ، ئیدی ئاسوودە بووم و لەکۆڵم بوونەوە. کە وازم لەو مەئمووریەتانە هێنا ئەوجار دەبوایە شەوانە لەو مەنزڵەی کە دەورووبەری هەموو چۆلگە بووبە تەنیا بمێنمەوە . لەو مەئمووریەتەی سەرما بێ حەد کاری لێکردبووم . لایەکی دەم و چاوم سوور هەلگەڕابوو رەنگی قاوەیی گرتبوو و نێو زاریشمی داگرتبوو و تەواوی پووکی لای راستی ددانم دەتگوت لە ددان ببوونەوە چاوێکیشم کوێرە مووشە ببوو. بێ دوکتور بێ دەرمان و بێ ساحەب مابوومەوە. تفەنگێکی بڕنووی درێژیشم بە ریشەوە ببووئەوکات 4000 تمەنی دەکرد ئاغاوەتیش پیاوی دزی چەکداری خراپیان هەبوو و زۆرجێگای مەترسی بوو. لە وەزعێکی ئاوادا ، سەرمابردوو، کەساد و شەکەت لەو ژوورە سارد و سڕەدا بە تەنیا مابوومەوە. بە سەر ئەو ژوورە مدبەقێکی لێ بوو کە تەندووری تێدابوو هەرچۆنیک بوو چراکەم هەڵکرد بەڵام نەمتوانی کوورەکەی پێوە نێم بە ناچار 8،7 پەتووم بەخۆدادا و چراکەم کز کرد و درێژ بووم . وردە وردە لەرز دایگرتم نەمدەزانی چ بکەم جیرانیش دوور بوون نەمدەتوانی هاوار بکەم ، خودایە ئاوەدانیەک ، بە شەریک، کەسێک نی یە لێم بپرسێ . وردە وردە فکرم بۆ پەیدابووکە رەنگە دەرگاکەم دانەخستبێ. بۆیە تفەنگەکەم هێنایە لای خۆم وفیشەکم وەبەرنا بۆ ئەوەی مەبادا کەسێک بێ رووتم بکا هەر لەو

فکرەدابووم تەماشام کرد دەرگاکە کراوە لە چەخماخی تفەنگم دا و هەستم راگرت هیچم نەدیت . چراکە بە حال دایسا . ترسام گوتم لێم وەژوور کەوتوون بەلام هیچم بۆ مەعلووم نەبووبە دیقەت خورد بوومەوە بزانم چیە . ئەگەر تەماشام کرد گورپەیەکی رەشی زەلام بە چنگی دەرکەی کردبۆوە ئیدی خۆی دەبال من کێشا ، ئەمنیش هەر چۆنێک بێ لە سەر چۆک رۆیشتم بە دەرکەی دا هەڵگەڕام و دەرکەم ئاڵقەرێز کرد و هاتمەوە دەگەل پشیلەی دەجێ یە خزام.جارجار ئەغیار و جارجار دەهۆش ڕادەچووم تا فەرداهی رۆژ ئەوە حاڵم بوو. بەیانی کەمێک تاووبان رووناک ببوو دەمێک مژبوو دەمێک تاو بەڵام زۆرسارد بوو. هەستام بە کووچەی دا رۆیشتمە خوارێ، رێگا بەستەڵەک بوو. پۆتینی ئەرتەشی شای بنیان قایش بوو،لووس لووس بوون . ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبایە هەرهەنگاویکی هاویشتبات جارێک خلۆردەبوویەوە. دەستم بەدیواران گرت ودەبووبە هەمووتواناوە ئاگام لە تفەنگەکەی بێ بۆئەوەی نەکەوم و قونداغەکەی بشکێ چونکە شکابا هەرباسی سەربوو.

درێژەی هەیە.

1.کاک سمایلی هومامی قازی دانیشتووی گوندی حاجیاباد بوو. لە بنەماڵەی قازیە.لە تێکۆشەرانی زەمانی کۆماری کوردستان بوە.

2.قازی محەمەدی حاجیاباد خاوەن ملکی حاجیاباد بوو. کوڕی قازی فەتاحی شەهید وئامۆزای قازی محەمەدە. بابی کاک ئەمیری قازیە.

3.مەحمووداغای حەمامیان کوڕی گەورەی حاجی ئیلخانی وخاوەن ملکی حەمامیان بوو.گەورەی بنەماڵەی ئێلخانیزادە وباپیری کاک عومەرئێلخانیزادەیە.

4.پیم وایە لە نێوەکەدا هەڵە دەکا و ئیحتمالەن مەنزووری حوسێنی فاتیحیە.

5.حسامی داشکستان خاوەن ملکی گەورەی ناوچەی هەوشار بوو.لەگەل حکوومەتی پێشەوەری وقازی محەمەد دانووی نەدەکوڵا .هێزێکی فیدایی ئازەربایجان لە گوندەکانی دامەزرێندرا ئەوێش ناوچەکەی بە جێ هێشت ونیشتەجێی تاران بوو.